لە بەهەشتدا بازاڕێک هەیە (خەڵکی) هەموو جومعەیەک سەردانی دەکەن

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە بەهەشتدا بازاڕێک هەیە (خەڵکی) هەموو جومعەیەک سەردانی دەکەن، بای باکوور هەڵدەکات، وبۆن بڵاودەکاتەوە بەسەر ڕوو وجلەکانیاندا بۆیە قەشەنگی وجوانیان زیاتر دەکات، ودەگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانیان، پاش ئەوەی قەشەنگی وجوانیان زیادی کرد، خێزانەکانیان پێیان دەڵێن: واللە قەشەنگی وجوانیتان زیاتر بووە! ئەوانیش دەڵێن: واللە ئێوەیش لە پاش ئێمە قەشەنگی وجوانیتان زیاتر بووە!».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە بەهەشتدا شوێنێك هەیە خەڵکی تێیدا کۆ دەبنەوە، کڕین وفرۆشتنی تێدا نییە وئەوەی بیانەوێت تێیدا دەیبەن بۆ خۆیان، هەموو هەفتەیەك دەچن بۆ ئەو شوێنە، وبایەك هەڵـدەکات لـە بـاکوورەوە وکـاریگەری دەبێـت لەسـەر ڕوو وجلەکانیـان؛ بۆیـە جـوانتر دەبـن، دەگەڕێنـەوە بـۆ لای خێزانەکانیان لە کاتێکدا ئەوانیش جوانیان زیادی کردووە، بە خێزانەکانیان دەڵێن: واللە ئێوە جوانی وقەشەنگیتان لە پاش ئێمە زیادی کردووە، ئەوانیش بەهەمان شێوە دەڵێن: واللە ئێوەیش هەروەها جوانی وقەشەنگیتان لە پاش ئێمە زیادی کردووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8353